# بۆ مەسعود بارزانی

## دم خروسترا باید باور کرد یا قسم حضرت عباسترا؟

شەماڵ علی shemalali@yahoo.com

لە ڕوانگەی ئەوانەی کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەسەر جادەکانی هەولێر شەقیان خوارد ئەو ووتە فارسیەی سەرەوە دەبێت ئاوا ڕوو بە ڕووی مەسعود بەرزانی تەرجومە بکەین: بە شەقی ئاسایشت باوەڕ بکەم یان بە قسەی پەرلەمانت؟

چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە نێو هۆڵی پەرلەمان بارزانی ڕایگەیاند کە مافی خۆپیشاندان مافی هەموو تاکێکە و تێکدانی لێدەرچێت خەڵك ئازادن بە هەر جۆرێك پێیان خۆشە نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە هەر کەس و هەر دەزگایەك دەربڕن.

ئەم ڕۆژانە ڕۆمانی( 1984) ی جورج ئوریوڵ دەخوێندەوە. ونستۆن پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە لە هەموو شت زیاتر لەوە ئازار دەچێژێت کە دەسەلات زۆر بێباکانە و بێبەزەییانە حەقیقەتەکانی مێژوویەکی نزیك ئینکار دەکات و بێشەرمانە هەموو ڕاستیەکان پێچەوانە بەیان دەکات، ئەوەی کە هەموو کەس دەزانێت سەد لە سەد ڕاستیە و گومان هەڵناگرێت و بە ملیۆنەها شاهیدی لەسەرە و ڕابردوویەکی نزیکە کە کەس بیری نەچۆتەوە، بە پێچەوانەی خۆیەوە بەیان دەکات. ئازارێك کە خۆپیشاندەرانی دارکاریکراوی هەولێر لە پاش بیستنی ئەو تەصریحاتانەی بارزانی هەستی پێ دەکەن زەحمەتە لە ئازاری ونستۆن کەمتر بێت.

زۆر ئەستەمە بە ڕۆژی ڕوناك، بە بەرچاوی خۆتەوە، بێباکانە دەسەلات ئەو ڕاستیانە حاشا لێبکات کە خۆت بەشێکی لێیان وبە گیان و پێست و سەروقاچی شکاوتەوە لەگەڵیان ژیاویت. دارکاری دەکرێیت و پێت دەڵێن: چاوت لێیە چەند ڕێزمان لێ گرتیت؟ بە شەق بەرەو ئاسایشت دەبەن و پێت دەڵێن، ئاگات لێیە لە چ بەهەشتێك لە ئازادیدا دەژیت؟ لە سادەترین مافی خۆت، کە مافی هاوار کردنە کاتێك ژیانی ژێر سایەی ئەم دەسەلاتە هەموو ڕۆژێك ئەشکەنجەت دەدات بێ بەش دەکرێیت، کەچی منەتبارت دەکەن و دەڵێن: بزانە چەند بەختەوەری! و چۆن سەرەنجام بە مافەکانت لە خۆپیشاندانی ئازاد شاد بوویتەوە؟

من بێ ئەوەی مەبەستم بەراورد کاری نێوان دەسەلاتی بەعس و ئەم دەسەلاتەی ئێستای کوردستان بیت پێم وایە ئەم دیماغوجیەتەی دەسەلات لەباری سایکۆلۆجیەوە زۆر ئەشکەنجە ئامێز ترە لە سەرکوتی ژێر دەسەلاتی بەعس. صەددام هیچ کاتێك بە زمانیدا نەدەهات بڵێت ئێوە ئازادن خۆپیشاندان لە دژی حکومەت بکەن و ڕەخنە لە هەموو کەس بگرن. چۆن ئەمنەکانی ڕۆژانە شەقکاری خەڵکیان دەکرد و خوێنیان دەڕشت، هەروەها صەددامت لە تەلەفیزیۆنەوە دەدی کە ئەم کردەوانەی تەبریر دەکرد و بە ئاشکرا خۆی بە خاوەنیان دەزانێت. یان لانی کەم ئەگەر ناچار بووایە بێدەنگەی لێدەکرد.

ئەم بابەتە تەصریحانە خەریکە بە هەمووان دەڵێت گوێ بگرن: ئێوە نەك کۆیلە و بابەتی شەقکارین هەرکات بە مەیلی ئێمە نەجووڵانەوە و لە قسەمان دەرچوون. بەڵکو ئێوە زۆر لەوە بێ نرخ ترن تەنانەت درکێکی دروستان لە دنیای دەوروبەری خۆتان و ڕاستیە هەرە سادەکانیش هەبێت، هێندەش گێلن کە دەبی و دەکرێ باوەڕ بکەن کە دارکاری کردنتان ڕێزە و باڵبەست کردنتان و فڕێ دانتان لە سجنی مەحەتە ئازادیە. ئێوەیەك کە بۆ داواکردنی ئاوی خواردنەوە خۆپیشاندان دەکەن و ئاسایش بە چەك بلاوەتان پێدەکات هێشتا دەکرێت و دەبێت باوەڕی قوڵتان بەوە هەبێت کە ئازادی خۆپیشاندان مافی ڕەواتانە.

ئەگەر کەسێك پێی وایە کە ووتەکانی بارزانی خەریکە سەرەتا بۆ هەلومەرجێکی نوێ دادەنێت یان لەوانەیە بارزانی لەم گەشتەی بۆ ئەورووپا و ئەمریکا شتێکی تازە فێر بووبێت و خەریکە مافی تازە بە کۆمەڵگا و ئینسانەکان "دەبەخشێت" داوای لێ دەکەم زۆر خۆشخەیاڵ نەبێت. چونکە هەر بە دوای ئەو قسانەی بارزانی پارێزگاری هەولێر خێرا بە خۆ کەوت و بەر لەوەی خۆشباوەڕان کێشەیەك دروست بکەن ڕایگەیاند کە: "ئێمە ڕێگا لە هیچ خۆپیشاندانێکی <u>یاسایی و مۆڵەت پێدراو</u> ناگرین". وەك بڵێی هیچ دەسەلاتێکی سەرکوتگەر و خوێنڕێژیش بەر لەوان ڕێگای لە "خۆپیشاندانی مۆڵەت دراو و یاسایی" گرتبێت. وەك ئەوەی تەنانەت بەعسیش خەڵکی بە زۆر بۆ خۆپیشاندانی مۆڵەت دراو ڕاپێچ نەکردبێت. ئەم بابەتە گوفتار و تەصریحانە هیچ نین جگە لە حاشاکردنی ئاشکرا و بێپەردە لە مافی خەڵك بۆ بەرپاکردنی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین. لە هیچ شوینێك کە بۆنی شارستانیەت و ئازادی لێ بێت دەسەلات نالێت بۆ ئەوەی لە ژێر دەسەلاتی خۆم، لە دژی خۆم خۆپیشاندان بکەیت دەبێت مۆڵەت لە خۆم وەرگریت. لە زۆر جێگا لە دنیا ئەوەی دەبێت لە خۆپیشاندان ئاگادار بکرێتەوە پۆلیسی ترافیکە و بۆ ئەوەیە کە کارئاسانی پێویست بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە بکرێت نەك بۆ مۆڵەت وەرگرتن. دیارە هەموو کەسیش وەك دکتور کمال بە یاساو مەحکەمە لە کوردستان خۆشخەیاڵ نابێت کە شکاتی خۆی و نارەزایەتی خۆی لە دەسەلات خۆی بباتە بەردەم مەحکەمە و دەزگای ئاسایشی حکومەت خۆی. ئەگەر هەشبووبن بەو ڕادەیە خۆشباوەڕ بووبن تازە دوای 30 ڕۆژ لە بێسەروشوێنکردنی دکتور کمال حاڵی بوون لە هەولێر چ باسە.

بەڕێزان دەسەڵاتدارانی بە زۆر خۆسەپێنی کوردستان. ئازادی خۆپیشاندان لەولاوە بووەستێت جارێ، ئێوە کە وا ئاسان ناتوانن فەرهەنگ و سیاسەتی سەرکوتگەری دەیان ساڵەتان لەبیر بەرنەوە ، کاتیشی پێ دەچێت تاکو خەڵکی کوردستان بە خەبات و ماندوو نەناسی خۆی ئەم مافەتان لە قورگ دەرهێنێت. بەڵام

ئایا دەکرێت داوا بکەین کە کەمتر بە عەقڵ و شعورمان گاڵتە بکەن و هەر بەو زمانە قسە بکەن کە کردەوەکانتان پێی دەدوێن؟ دەکرێت داوا بکەین پاش دارکاری کردنی خەڵك لەسەر خۆپیشاندان مەجبوریشیان نەکەن کە ئەوە بە ئازادی خۆپیشاندان بزانن؟ دەکرێت ئیجازە بدەن ووشەکان ماناکانی خۆیان لە دەست نەدەن؟